


٢٩ی رەشەممەی ١٣٩٠
19 march 2012







# وتەی ئەمجارەمان

نەورۆزتان پیرۆزبێ منداڵە ئازیزەکان
جێژنی نەورۆز، جێژنێکی کۆنی کوردەوارییە. هەروەک دەزانن،نەورۆز یەکەم رۆژی بەهارە.

منداڵە ژیرەکانی کوردستان!
رۆژی نەورۆز یەکەم رۆژی ساڵی نوێی کوردی و هەتاویە. یانی لەو رۆژە دا ماڵئاویی لە ساڵی پێشوو دەکەین و بەخۆشی و شادی هاتنی ساڵی نوێ دەکەینە جێژن.لەو رۆژە پیرۆزەدا منداڵان و گەورەکان هەموو جلی کوردی لەبەر دەکەن و بە هەڵپەرکێ و گۆرانی بەخێر هاتن بە ساڵی نوێ دەڵێن.

چاوگەشەکان!
ئێوە دەبێ لەو رۆژەدا پیرۆزبایی ساڵی نوێ و نەورۆز لە هەموو هاورێکانتان بکەن و ناخۆشییەکانی ساڵی پێشوو لە بیر بەرنەوە. ئەوەش بزانن کە لەو رۆژەدا دەبێ خۆتان لە یارییە ئاگرینە مەترسیدارەکەن بپارێزن با تووشی رووداوی ناخۆش نەبن. لە نەورۆزی ئەمساڵ دا ماڵئاویی لە ساڵی٢٧١١ی کوردی و ١٣٩٠ی هەتاوی دەکەین و بەخێرهاتن بە ساڵی ٢٧١٢ی کوردی و ١٣٩١ هەتاوی دەڵێین. ئێمەش وەک ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان،بەبۆنەی هاتنی نەورۆز و ساڵی نوێ، پیرۆزبایی خۆمان پێشکەشی ئێوەی ئازیز دەکەین و لەشساغی و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.
نەورۆزی کوردەواری لە هەمووتان پیرۆز بێ.

سەرنووسەر






محەممەدی قازی ساڵی ١٢٩٢ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایك بووە. لە تەمەنی منداڵی‌دا باوکی لە دەست داوە و بۆ ماوەیەك لەگەل دایکی و دایەگەورەی لە شاری مهاباد ماوە . پۆلی شەشەمی لە کوردستان تەواو کردوە و بۆ درێژەدان بە خوێندن چووە بۆتاران.محەممەدی قازی پێش تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی خویندن هەر لە مەهاباد لە لای کوردێك کە خەڵکی باشووری کوردستان بووە فێری زمانی فەڕانسەیی بووە و دواتریش لە قۆناغی ناوەندی درێژەی بە فێربوونی زمانی فەڕانسەیی داوە کە هەر ئەو کاتیش هۆگری کاری وەرگێڕان بووە.

محمەدی قازی بەوەرگێڕانی بەرهەمێکی ویکتۆر هۆگۆ کاری وەرگێڕانی دەست پێ‌کرد. بەڵام دواتر بۆ ماوەی ١٠ ساڵ کاری وەرگێرانی وەلانا و ساڵی ١٣٢٩ کتێبێکی دیکەی بە ناوی پەنگوەنەکان (پنگوئن ها )لە نووسینی ئانتوان فڕانس وەرگێڕاوە. کتێبێکی دیکە کە محەمەدی قازی وەری‌گێراوەتەوە سەر زمانی فارسی ,کتێبی شازادە چکۆلەیە و هەروەها بەهۆی وەرگێرانی کتێبی دۆن کیشۆت جایزەی باشترین وەرگێڕی ساڵی لە زانکۆی تاران وەرگرت. ئەو وەرگێڕە ناودارەی کورد,٥٠ ساڵ لە تەمەنی خۆی بە کاری وەرگێرانەوە خەریك بووە و لەماوەیەدا نزیک بە ٧٠ بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە. محەممەدی قازی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی و لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد و لە شاری مەهاباد شوێنی لە دایك بوونی بە خاك سپێردرا.

ئامادەکردن: شیلان قوربانی فەر



## نامەیەک بۆسکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەڕێز جەنابی بانکی مون سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

ئێمە ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دڵنیاین کە جەنابت ئاگاداری وەزعی سوریە هەی و دەزانی کە چەندە غەدر لەو خەڵکە بێتاوانە و بەتایبەت منداڵانی ئەو وڵاتە دەکرێ. ئێمە کارمان بە سیاسەت نیە و دەزانین کە ئەو کێشانەش کە هەن پەیوەندی‌یان بە منداڵانەوە نیە. ئەی باشە منداڵان چ تاوانێکیان هەیە کە لەم ناوە دا دەبنە قوربانی و گیانیان لەدەست دەدەن؟ خۆ منداڵانی سوریە توانای ئەوەیان نیە کە چەک بەدەستەوە بگرن وبێنە ناو شەقامەکان بۆ بەربەرەکانیی هێزە ئەمنیەتی‌یەکانی سوریە.ئەی بۆچی ئەو منداڵە بێتاوانانە گیانیان لەدەست دەدەن و بە بێتاوان خوێنیان دەڕژێتە سەر شەقامەکانی شارەکانی سوریە ؟

ئێمە هەقمانە بپرسین: مەگەرئەرکی یونیسێف پشتیوانی لە منداڵانی گشت جیهان نیە؟ ئەی بۆچی لەو بارەیەوە کارێک ناکا؟ جەنابی بانکی مۆن، لە بەشار ئەسەد و سەرانی ڕێژیمەکەی بپرسن مەگەر خۆیان منداڵیان نیە تا حاڵی دایکان و باوکانی منداڵکوژراوی سوریە تێ‌بگەن؟ پێیان بڵێن کە منداڵانی سوریە لە ئاشتی دا گەشە دەکەن و پێویستی‌یان بە هێمنی و ئاسایش هەیە. باشترین ئاواتەکانمان بۆ سەرکەوتن لە ئەرکەکانی سەرشانتاندا قبووڵ بکەن.

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١مارسی ٢٠١٢

دنیای منداڵان
گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
سەرنووسەر:
ئازاد عەباسیان
azadabasyan@yahoo.com
دەستەی نووسەران:
هانا وریا ،شیلان قوربانی‌فەر، بێگەردعەلیپوور
دیزاین:
ئازاد محەممەدزادە
پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanykurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com
Tel:+٩٦٤٧٥٠٣٢٢١١٤٠



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



ڕۆژێک باوکێک وانەی ڕێزمانی کوردیی فێری کورەکەی دەکرد ، بە کوڕەکەی گوت (باوکت نانی خوارد) بیکە بە ڕابردووی دوور،کورەکەشی لە وڵام دا وتی:(باپیرم نانی خوارد)

هاردی: دەمهەوێ زەماوەند بکەم
لۆرێل:لە گەڵ کێ؟
هاردی: دیارە لەگەڵ کچێک. بۆ تۆ کەست بینیوە لە گەڵ پیاوێک زەماوەند بکا؟
لۆرێل: بەڵێ بینیومە،خوشکەکەم.



جارێک حاکم بە دزێک دەڵێ ئەم ئوتومبێلەت بو دزی؟ ئەویش دەڵێ چونکە لە بەردەم گۆڕستان بوو وامزانی خاوەنەکەی مردوە.



کابرایەک تووشی نەخۆشی بیرچونەوە بووە دەچێ بۆلای دوکتۆر دەڵێ: دوکتۆرگیان من توشی نەخۆشی‌یەک بووم هەرچی ڕوودەدا دوای یەک دەقیقە لە بیرم نامێنێ..ئەویش دەڵێ تۆ دەمێکە ئەم نەخۆشی‌یەت لەگەڵدایە؟کابرای نەخۆش دەڵێ کام نەخۆشی؟

## ئادەی بە دڵی خۆتان بمان ڕەنگێن









**ئایا دەزانن کە:**

**هەر مرۆڤێک لە شەو و ڕۆژ دا ٢٣هەزار جار هەناسە دەکێشێ؟**



## دوو کچەکە



پیاوێك دوو کچی هەبوون مێردی کچی یەکەمی باخەوان بوو. مێردی کچی دووەمی بە گڵ گۆزەڵەی دروست دەکرد. رۆژێکیان پیاوەکە چوو بۆسەردانی کچی یەکەمی و لێی پرسی: چۆنی؟ مێردەکەت چۆنە؟ کچەکە گوتی سوپاس ئێمە زۆر باشین بەڵام باخچەکەمان زۆر وشکە پێویستمان بە هەندێ بارانە بۆ گوڵەکانمان. لە هەمان رۆژدا



پیاوەکە چووکچی دووەمیشی بینی. لێی پرسی :ها کچم چۆنی؟ پیاوەکەت چۆنە؟ کچی دووەم گوتی سوپاس باوکە ئێمە زۆر باشین، سەیری ئەم گۆزانە بکە چەند جوانن. ئەوە مێردەکەم دروستی کردوون، لە بەر هەتاو وشك دەبن و پاشان ئەمن رەنگیان دەکەم.خوا بکا جارێ باران نەبارێ، چونکە گۆزەڵەکان لە بەر باران وشك نابنەوە.



باوکەکە گەڕایەوە لای ژنەکەی خۆی و ژنەکەی لێی پرسی: پیاوەکە کچەکانمان چۆن بوون؟ پیاوەکە گوتی! زۆر باشن! ژنەکە لە مێردەکەی پرسی دەمهەوێ کچەکانمان و مێردەکانیان ئاسوودە و کەیفخۆش بن. دەتوانم هیچیان بۆ بکەم؟! پیاوەکە گوتی: باران ببارێ و نەبارێ زاوایەکمان زەرەر دەکا.

ئەوین یوسفی

---

## نەورۆز و ئاڵا

**وا هات نەورۆزی رەنگین خۆش ورازاوە و بە تین**
**بە رەنگی گوڵیلکەی سوور بەفری شاخەکانی دوور**
**سەوزایی پێدەشتەکان تیشکی هەتاوی ئاسمان**
**ئەمانە بۆمان رەمزن نیشانەی گەل و هۆزن**
**سووری گوڵاڵە وئاگر یەکەم رەنگی ئاڵایە**
**بەفری سپی کێوەکان دووهەم رەنگی ئاڵایە**
**سەوزایی پێدەشتەکان سێهەم رەنگی ئاڵایە**
**تیشکی گەرمی خۆرەتاو لە ناوەندی ئاڵایە**
**نەورۆز و ئالا بەرزن دوورەمزی بەرزی هۆزن**
**ئەم دوویەمان هەر دەبن دەبا دوژمنان کوێر بن**

مستەفا موسەوی

---

کوردستانی خۆش نیشتمانی جوان
چاوم پشکوتووی شاخەکانتە
دەنگی شمشاڵی شوانەکانت
قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت
ئەمانە هەموو گوێیان کردمەوە

دڵدار

تۆ قیبلەگاهی منی بێگومان
فێری ژیانی باخەکانتە
زریق و باقی جوانەکانت
خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت
هەوێنی شیعری دڵیان گرتمەوە.

دیاری فێرگەی برادۆست



---



**ئایا دەزانن کە:**

**کە کانگۆرۆکان دەتوانن ٣میتر بەرز ببنەوە و ٨میتریش بۆ پێشەوە باز دەن؟**



# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

## وانەی دووەم: ڕەنگەکان colour

| | |
|---|---|
| brown | قاوەیی |
| green | سەوز |
| Blue | شین |
| Red | سوور |
| Pink | پەمەیی ( چێرەیی) |
| Black | ڕەش |
| orange | پرتەقاڵی |
| yellow | زەرد |
| Gold | زەردی زێڕی |
| Chocolate brown | قاوەیی شوکولاتی |
| Grey | خۆڵەمێشی |
| Blond | کرێمی |
| White | سپی |
| Violet | وەنەوش |
| Blue–green | سەوزابی |

ئامادەکردن : بێگەرد عەلی پوور

ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێی کوردیتان لێ پیرۆز بێ

child protection centre - East of kurdistan



# «« مانگایەک »»



چیرۆکی دووهەم لە کتێبی بەرخە سپی



مانگایەکی ناو چاوان سپی بەهێز و توانا خاوەن ژیرییەکی بێ وێنە هەبوو رۆژێک لە گەڵ جوتیارێکدا کەوتنە وتووێژ بۆ ئەوەی یارمەتی یەکتری بدەن.
مانگا وتی : کە من خاوەنی شیرم و دەتوانم ساڵانە بەچکەیەک بەرهەم بهێنم. جوتیار وتی:منیش دەتوانم جێگایەکی حەوانەوەت بۆ دابین بکەم و لەکاتی خویدا ژەمەخواردنت بۆ ئامادەبکەم.



بەڵام مانگاکە داوای کرد بەشێکی تایبەتی بۆ دیاری بکات . بۆ ئەوەی ئەگەر رۆژێک لە رۆژان خاوەنەکەی خواردنی بۆ پەیدا نەکرد، ئەم ژەمە خواردنی خۆی هەبێت. خاوەنەکەی پەیمانیدا بە درێژایی خواردنی خۆی هەبێت و خواردنی بۆ ئامادە بکات و پێی ڕاگەیاند تۆ بەردەوام بەرهەمت هەیە. کەواتە بەردەوام دەبێت من خزمەتت بکەم. پێویستە دڵت دەوڵەمەند بێت. لەو رۆژەوە مانگا و جوتیار پێکەوە دەژین لە سەر بنەمای دڵت دەوڵەمەند بێت لە هەموو شتێک باشترە.

عومەر تۆفیق



| × | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ |
| ٢ | ٢ | ٤ | ٦ | ٨ | ١٠ | ١٢ | ١٤ | ١٦ | ١٨ |
| ٣ | ٣ | ٦ | ٩ | ١٢ | ١٥ | ١٨ | ٢١ | ٢٤ | ٢٧ |
| ٤ | ٤ | ٨ | ١٢ | ١٦ | ٢٠ | ٢٤ | ٢٨ | ٣٢ | ٣٦ |
| ٥ | ٥ | ١٠ | ١٥ | ٢٠ | ٢٥ | ٣٠ | ٣٥ | ٤٠ | ٤٥ |
| ٦ | ٦ | ١٢ | ١٨ | ٢٤ | ٣٠ | ٣٦ | ٤٢ | ٤٨ | ٥٤ |
| ٧ | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | ٣٥ | ٤٢ | ٤٩ | ٥٦ | ٦٣ |
| ٨ | ٨ | ١٦ | ٢٤ | ٣٢ | ٤٠ | ٤٨ | ٥٦ | ٦٤ | ٧٢ |
| ٩ | ٩ | ١٨ | ٢٧ | ٣٦ | ٤٥ | ٥٤ | ٦٣ | ٧٢ | ٨١ |

## کام ڕێگا دەگاتە کۆتایی



## هاوکاری



قوتابییەکان هێمن و بێ دەنگ لە سەر جێگەی خۆیان دانیشتبوون. مامۆستا هەر ئەمسەراوسەری پۆلی دەکرد و چاوێکیشی هەر بە دەرکەوە بوو. چاوەڕێی هاتنی گەزیزە بوون. قەت وانەبوو گەزیزە درەنگ بگاتە پۆل. مامۆستا گوتی: پەلە مەکەن چەند دەقیقەیەکی دیکەش لەسەری رادەوەستین. ئاخری مامۆستا گوتی: کتێبەکانتان بکەنەوە وا دەیارە ئەمڕۆ نایەت. هاوڕێیەکانی گەزیزە بیریان هەر لای گەزیزە بوو. لەو کاتەدا لە دەرگا درا. گەزیزە گوتی: مامۆستا ئیزن هەیە بێمە ژوورەوە؟ ئیزنیان‌دا، هاتە ژوورەوە. زۆر ماندوو بوو. مامۆستا لێی پرسی: چ بووە بۆچی وا درەنگ هاتیت؟ ئەتۆ کەی بە درەنگی کەوتووی؟ گەزیزە گوتی: مامۆستا، بەیانی کە دەهاتم، لامدایە دوکانێك قەڵەم بکڕم، کە هاتمە دەرەوە کابرایەکی پیر لە قەراغ شەقامەکە راوەستابوو. دەیویست لە شەقامەکە بپەڕێتەوە. دەشگریا. لێی چوومە پێشێ و پێیم وت: بۆچی دەگریی؟ گوتی: کەس نییە بمپەڕێنێتەوە. چاوم هیچ کوێیەك نابینێت. دەستیم گرت و پەڕاندمەوە. گوتی: مامە گیان، بمبەرەوە لای ماڵەوەمان. مامۆستا، ماڵەکەیانم پێ نەدەزانی. ئەویش هەر دەیگوت: بەوێدا بڕۆ و بەوێدا مەڕۆ. ئاخری گەیاندمەوە ماڵەوەیان. زۆر دوور بوو. هەتا وام کرد کاتم لێ درەنگ بوو. بمبوورە مامۆستا بەڵێن دەدەم ئیتر قەت قەت درەنگ نەیەم. مامۆستا، دەستێکی بەسەری گەزیزە دا هێنا و گوتی: هەر بژیت گەزیزەی ژیر. هەر بژیت. چەپڵەیەك بۆ گەزیزەی هاوڕێتان لێ بدەن. هاوپۆلەکانی گەزیزە چەپڵەیەکیان بۆی لێ دا. ئەوجار مامۆستا پێی گوتن: منداڵەکان، ئێوە دەبێ باش بزانن ئەو پیرە پیاو و پیرەژنانەی لە شەقامەکانن، هەموویان لە ناخیاندا کەسایەتییەکیان هەیە و پێویستە ئێمە رێزیان لێ بگرین. ئەگەر ئەوان پێویستییان بە هاوکاریی ئێمە هەبوو، نابێ خۆیان لێ بدزینەوە. مرۆڤ کە تەمەنی دەچێتە سەرێ و پیر دەبێ، توانای کەم دەبێتەوە و پێویستی بە رێز و حورمەتە و لەسەر ئێمەیە کە بە چاوی رێزەوە لێیان بڕوانین. لەو کاتەدا هەر کام لە قوتابی‌یەکان خۆزگەیان دەخواست کە ئەوان بوونایە لە جێگەی گەزیزە. بۆیە لە ناخی خۆیاندا بەڵێنیان بە خۆیان دا، کە هەمیشە یارمەتیدەری مرۆڤەکان بن و بۆیان گرینگ نەبێت ئەو مرۆڤە کێیە و سەر بە چ ئایین و رەگەزێکە. ئیتر کتێبەکانیان کردەوە و مامۆستا دەستی کرد بە گوتنەوەی دەرس...

رەسووڵ سوڵتانی

## بە بیرەوەریی جێژنی لە دایکبوونم

نیان بداغی

دۆینێ‌رۆژی لە دایکبوونی من بوو. دایکم و باوکم جێژنێکی خۆشیان بۆ گرتم. پوورە کوردستانم لە هەولێرەوە هاتبۆوە. لێرەش نیگا و هێما و پێشەوا و پشتیوان و سارێژ و سارۆ هاتبوون. خاڵە هەژار و رەفیقەکانی باوکیشم لە قەڵاوە هاتبوون، بەڵام خاڵە رەسووڵ بە باوکمی گوتبوو کە کاری زۆرە و ناتوانێ بێتەوە. گوتبووی خەریکی بەرنامەی پەیتووکەیە. خۆزگە ئەویش لێرەبا. ئەمن لیباسێکی سپیی گوڵ سوورم دەبەر کردبوو. دیاریی زۆر جوان جوانیشم بۆ هاتبوو، بەڵام کەیکەکە لە هەمووی خۆشتر بوو. کەیکەکە دایکی سارۆ بۆی دروست کردبووم. حەوتووی پێشووش جێژنی لە دایکبوونی سارۆ بوو. سارۆ بە دایکی دەگوت کە وەڵڵاهی کەیکەکەی نیانت خۆشتر و جوانتر ساز کردوە، بەڵام خۆ کەیکەکەی خۆی زۆر جوان بوو، زۆریش بەتام بوو، ئیدی نازانم بۆ وای دەگوت. دوایە هەموومان هەڵپەڕین و ئەمن و سارێژ و نیگاش سەمامان کرد. خۆشترین بەشی جێژنەکەم تەقاندنی فوودانەکان بوو. ئای کە چ تامێکی هەبوو. ئەمن لە باوەشی مامە پێشەوا دا




فریای تەقاندنی چوار پێنج دانەیان کەوتم. ئاوا ئیدی...
سپاس دایە و بابە کە جێژنتان بۆ گرتم، خۆشم دەوێن بە قەد ئەو دنیایە..... سپاس بابە گیان کە ئەو بیرەوەرییەم دەنووسیتەوە و بۆ دنیای منداڵانی دەنێری...

**دنیای منداڵان؛**

**نیان گیان رۆژی لە دایک بوونت پیرۆز بێ.**

**منداڵە خۆشەویستەکان، بۆ بڵاو کردنەوەی وێنەی جەژنی لە دایک بوونتان دەتوانن وێنەکانتان بێنن بۆ منداڵپارێزی، ئێمەش لە دنیای منداڵاندا بڵاویان دەکەینەوە.**



## خواردنی میوەکان

منداڵە خۆشەویستەکان!
ئەم جارە باسی خواردنی میوەتان بۆ دەکەم کە دەبێ لە چ کاتێکدا زیاتر میوەکان بخۆین !
هەروەک دەزانین و بیستوومانە یەکێک لەو خواردەمەنی‌یانەی لە سروشتدا هەن و مرۆڤ پێویستە کەڵکیان لێوەرگرێ میوەکانن، کەواتە دەبێ کەی و چ کاتێک بیانخۆین؟
خواردنی میوە پاش نان خواردن باش نیە، چونکە پێشگیری لە هەڵمژینی ویتامینەکان بۆ لەشی مرۆڤ دەکا.



بەهۆی کەڵکەبوونی خواردن لە گەدەدا، ئەو ویتامینانەی لەنێو میوەکان دان، هەڵنامژرێن و لەنێو دەچن. ئەگەر پاش نانخواردن میوە بخۆین لانی کەم سێ کات ژمێری دەوێ تاکوو ویتامینی میوەکان هەڵمژرێن و تێکەڵ بەسووڕانی خوێن بن، بەڵام لە کاتەکانی‌تردا واتە ئەو کاتانەی کە گەدە بەتاڵە، ئەو ماوەیە کەمتر دەبێتەوە یانی بۆ هەڵمژینی ویتامینی میوەکان کاتێکی زۆر کەمتری دەوێ. باشترین کات بۆ خواردنی میوە بەیانیان بەرلە نان خواردنی بەیانی‌یە یانی بە گەدەی بەتاڵ، چونکە لەم



کاتەدا ویتامینەکان لە کاتێکی کەمتر لە ٢٠ خولەکدا دەچنە نێو سووڕانی خوێن و هەڵدەمژرێن. کەواتە قەت پاش نان خواردن میوە مەخۆن و ٣ تا ٤ سەعات دواتر میوە بخۆن تا لە قازانجەکانی بێبەش نەبن.
منداڵە خۆشەویستەکان!
ئاوی میوەش قەت ناتوانێ جێگرەوەیەکی باش بێ بۆ میوەکە، چونکە لەکاتی گرتنی ئاوەکەیدا ئەو ماوە زەمەنی‌یەی کە خەریکی وردو پردو قاش کردنی میوەکەی، ویتامینەکانی بەتایبەت ویتامین «س»کەی لەنێو دەچێ. ئەو ئاو میوانەش کە لە بازاڕ دەیان فرۆشن قەت تایبەتمەندی میوەکەیان نیەو تەنیا مەگەر مرۆڤ کەمێک توونیەتیی پێ بشکێ.

سەید جەلال ساڵحی

## تا (firer) چییە؟



تا نەخۆشی نیە بەڵکوو نیشانەی یەکێک لە نەخۆشی‌یەکانە.
بە پلەی گەرمی لەش دەگوترێ تا
تا لە حالەتی سروشتی دا بەیانیان ٣٧ پلەیە و ئێواران ٣٦,٥پلەیە.



لە کاتی بوونی تا، واتا ٣٧ پلە بۆ سەرەوەتر نەخۆش هەست بە سەرما دەکا و زۆرجاریش لەرزدای دەگرێ.
لە کاتی بوونی تا لە وەرزی گەرمادا واباشە بە ئاوی ساردحەمام بکرێ.



بە پارچەیەک یان خاولی نێو چاوان و دەستەکانی نەخۆش تا ئەنیشک و لاقی تا ئەژنۆ نێوە نێوە تەڕ بکرێن.
کەسی تادار هەست بە بوونی سەرما دەکاو دەلەرزێ. لەو حالەتەدا نابێ پەتووی پێدا بدرێ و لە گەرما نزیک بخرێتەوە.
تێ بینی: ئاوی سارد دەبێ ئاوی شیلەتێن واتا ٣٧ دەرەجە بێ نەک سەهۆڵاو.

ڕەحمان مەحموودی



### ئایا دەزانن کە:

لووتی مرۆڤ دەتوانێ ١٠٠٠٠ بۆنی جۆراوجۆر بکا و بناسێ؟



## تەمبەڵخانە

لە تەمبەڵخانەیەک،تەمبەڵێک لە بەر پەنجێرەی یەکێک لە ژوورەکاندا جێگەی بۆ راخرابوو و لەوێ دەیخواردو دەخەوت. جارجار تەمبەڵەکانی دیکە لێیان دەپرسی: ئادەی بزانە هەوای دەرەوە هەورە یان هەساوە؟ ئەویش دەیگوت ئەوە بە من ناکرێ،ئێوە کام کاری قورسە بە منی دەسپێرن. تەمبەڵەکە بیری لەوە دەکردەوە کە چ بکات تاکوو لەو حاڵە رزگاری بێ. بۆ بەیانیەکەی بە هاورێکانی گوت کە یارمەتی بدەن بەڵکوو جێگاکەی بگوازێتەوە بۆ ئەو بەری ژوورەکە. هەموو پێکەوە هەر چۆنێک بوو جێگەکەیان بۆ گواستەوە. تەمبەڵەکە دەیوت: ئۆخەی کە رزگارم بوو لەو کارە قورسانە.ئەوە کەی بە من دەکرێ چاو لە ئاسمان بکەم.
کە شەو داهات تەمبەڵەکە بە هاورێکانی وت: ئێنسان تەیری بێباڵە،دوێنێ شەو لە کوێ بووم ئەمشەو لە کوێم.

ئەوین باموردای



من منداڵم من منداڵم
نەوەی شێری حەلاڵم
دەبێ بۆ کورد تێ کۆشم
ژیرو بە بیرو هۆشم
لە مەکتەب گوێ رادەگرم
گوێ لە ماموستا دەگرم
لە گەڵ گشت هاورێکانم
روو خۆش و مێهرەبانم
وانەکان چاک دەخوێنین
نمرەی چاک بە دەست دێنین
بۆ خزمەتی کوردستان
هەردا نادەین ساتەکان

"سید قادر ئەحمەدی"

**تێبینی: بەو پێیەی کە وەڵامی ٢ی ئاسۆیی و ستوونی دراوەتەوە، خانە سپییەکان وەڵام بدەنەوە.**

## چوار خشتەیی ٢

ئاسۆیی ←

١. جێژنێکی کوردەواری.
٢. سەگی نەخۆش.
٣. مانگ بەزمانی فارسی
٤. مێز بە تێکەڵوپێکەڵ _دوو پیت بەدوای یەکدا وەک یەک
٥. تازە.
٦. یەکەم وەرزی ساڵ.

ستوونی. ↓

١. رەق نیە.
٢. بنووسە، ها_ هێز بە پێچەوانە.
٣. شارێکی رۆژهەلاتی کوردستانە.
٥. لە ئاسماندایە.
٦. چۆم و رووبار_ هێ.

| | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | | | | | | |
| 2 | | ■ | ■ | | | |
| 3 | ■ | | | | ■ | |
| 4 | | | ■ | | | |
| 5 | | | | ■ | | ■ |
| 6 | ■ | | | | | |



### وەڵامی چوار خشتەیی ژمارە ١

| | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ن | ا | ت | س | ز |
| 2 | ا | ■ | و | ێ | د |
| 3 | ن | ب | ■ | و | ■ |
| 4 | ■ | ا | ■ | ■ | ک |
| 5 | ی | د | ر | و | ک |



# منداڵە چاوگەشەکان! بەو کەرەسانەی خوارەوە ئەو بۆقە ساز بکەن و ماسی خۆرکەش بە پێی ئەوەی کە نیشان دراوە بکێشنەوە و پاشان بینێرن بۆ منداڵپارێزی و خەڵات وەربگرن

کەرەسەی پێویست بۆ دروست کردنی بۆقەکە
١. دەوریی سەفەری ٢. چەسپ و مەقەست ٣. چوار دایرە و دوو دەست و لەتێکی بچووک کاغەز.







جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە بدۆزەوە








**ئایا دەزانن کە:**

دڵی ژنان لە دڵی پیاوان توندتر لێدەدا؟

# وڵاتەکەمان بناسین

## «شاری دێولان»



وێنەی دەشتی لەیلاخ

دێولان یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای سنە سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەوێتە ٥١ کیلومیتریی ڕۆژهەڵاتی شاری سنە. ئەم شارە لە باری هەڵکەوتەی جوغرافیاییەوە لە لای ڕۆژاوا لە گەل شاری قوڕوە، لە باکوورەوە لە گەل شارەکانی بیجار ودیواندەرە و لە باشووریش لە گەڵ کامیاران و سونقوڕی کولیایی هاوسنوورە. ئەم شارە لە دوو بەشی ناوەندیی(دێولان) و بەشی (بلۆاناوا) و دوو گەورە دێی قوریچیا و بەلەدەستی و١٢٠ ئاوایی پێک هاتوە. بە پێی ئامارەکان ئەم ناوچەیە نزیک بە ٨٠٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیە . خەڵکەکەی بە زاراوەی ئەردەڵانی قسە دەکەن. ئەم شارە لە دەشتی لەیلاخ هەڵکەوتوە و خاوەنی زەوی و زارێکی پڕپیت و بەرەکەتە. بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەم ناوچەیە بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری سەر قاڵن و بژێوی خۆیان بەم شێوەیە دەستەبەر دەکەن. بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ئەم شارە بریتین لە گەنم، وێنجە،جۆ ، پیواز، نۆک، گۆڵەبەرۆژە و پەتاتە. کێوە بەرزەکانی ئەم ناوچە جوانە بریتین لە، شەیدا، سوڵتان سێراجەددین ،خەسرەوکوژ، عبدوڕڕەحمان، خاتوون شیشەڕێ ، سورمەلی و سووسەن کە جوانییەکی بێ وێنەیان بەم ناوچە بەخشیوە . هەر بە هۆی هەبوونی ئەم کێوانە چەندین جۆرە ئاژەڵ وباڵندەی کێوی وەک:ڕێوی ، کەروێشک ، گورگ ، چەقەڵ ، کەو ، هەڵۆ... لەو ناوچەیە هەن.

محەممەد محەممەدی

## وێنەی خنجیلانەکان لە دنیای منداڵان


بوێر عەبدوڵڵا


چاوەڕێ شەریفیان


سنوور حەسەن زادە


شەهیاد محەممەد ئەمین


ئاوێستا فەتحوڵڵا


سروە حەسەن


کارشەنگ عەلی


ریان رزگار


رامیار ئارام


هانا هەڵگورد


نەوژین


ئەحمەد ڕەنج


ئەژین قادری


نیگا مەحموودی


هەندرێن حەسەنزادە


ژیوە خالید نژاد


ئارینا ئاراس

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای مندالان دا



سۆنیا نوسرەتی



کارشەنگ عەلی



سۆنیا لوتفی



سکالا شارویرانی



سەهەند نوسرەتی



ریژنە نستانی



دانیاڵ مورتەزا زادە



بەڵێن جەناغی



بانە عەزیزی



کۆمار شیرە پوور



محەممەد مەناف



نەرمین بەهروجە



سارۆ سەرتیپ



تروسکە کەریمی



شاتوو زەردەشت عەلی



زیلان  فەتحی



سیروان محەمەدپوور



سارۆجەزایرچی



ڕەوا ئازاد کەریم



سانا لوتفی